# ئەرتیکلی 58 گەرەنتی چارەسەرێکی ڕەوا ناکات

## شاخەوان شۆڕش

ئەرتیکلی 58 ئەو ئەرتیکلەیە کە ئاماژە بە چۆنیەتی چارەسەری شوێنەواری بەعارەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی دەکات. ئەو ئەرتیکلە مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە و واچاوەڕوان دەکرێت بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت. دەسەڵاتدارانی کورد دڵیان بەو ئەرتیکلە خۆشە و گوایە بەڵنیان وەرگرتووە, کەوا برگەکانی ئەو ئەرتیکلە جێبەجێ دەکرێن. بەشێوەیێ لەو ئەرتیکلە دەدوێن, وەکو ئەوەی کێشەی سرینەوەی شوێنەواری بەعارەبکردن و ناوچەی کەرکوک بەتەواوی چارەسەر دەکرێن و بەدڵی کوردان دەبێت. لاموایە گونجاوە ئەگەر بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانینە ئەو ئەرتیکلە و ناوەڕۆکەکەی و بزانین: ئایا ئەو ئەرتیکلە چارەسەری تەواوی شوێنەواری بەعارەبکردن دەکات؟ ئایا ئەو ئەرتیکلە مسۆگەری گەڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکان بۆ سەر کوردستان دەکات؟ ئایا دەڵێ دەبێ گشتپرسی لەسەر ئەو ناوچانە بکرێت؟ چۆن چارەسەری ئەو ناوچانە و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان دەکات؟

ئەو ئەرتیکلە کە بۆ سرینەوەی شوێنەواری بەعارەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی هاتووە, بە وشەیەکیش ناوی چەمکی بەعارەبکردن یا پاکتاوی ڕەگەزی ناهێنێت. تەنها ناوچەی کەرکوک زیاتر لە حەفت سەد گوندی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت, بەڵام بە وشەیەکیش ناوی گەلکوژیەکەی ئەنفال ناهێنێت. لەو ئەرتیکلەدا وشەی وەکو: ڕاگواستن, دەرکردن, ڕاستکردنەوەی نەتەوە و کارلێسەندنەوە بەکارهاتوون. شایانی گوتنە نەتەوەی کورد لە پۆلیتیکی پاکتاو و بەعارەبکردندا زۆرترین زیانی پێکەوتووە و ئەوان قوربانی گەلکوژیەکی ئەنفال بوون. دیارە هەر کورد نییە ئەو تاونکاریانەی بە پاکتاوی ڕەگەزی, بەعارەبکردن و ئەنفال ناسیوە, ئەوە ڕاستیەکە و لەلایەن وڵاتانی بێگانە, شارەزا و خەڵکی بێلایەنەوە سەلمێندراوە. بەڵام کە دەسەڵاتدارانی عارەبی دوای سەدام, نەیانهێشتووە ئەو چەمکانە بەکاربهێندرێن, ئەوە گومان دەخاتە سەر نیازی ئەوان بەرامبەر بە کوردان. ئەوە بەجۆرێ لەجۆرەکان لەو تاونکاریانە نکۆڵیکردنە.

بابێینە سەر ئەرتیکلەکە. برگەی (ا) ی ئەرتیکلەکە ئاماژە بە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەی دیاریکراو و کەرکوک دەکات, ئاماژە بە نارەوایەتیەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس دەکات و ئاماژە دەکات بە دیاردەی نارەوای وەکو ڕاگواستن, دەرکردن, کارلێسەندنەوە, جێنیشکردنی خەڵکی بێگانە بەناوچەکە و ڕاستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوە. دەبێ تێبینی ئەوە بکەین, کەوا ئەو ئەرتیکلە تەنها دەیەوێت "چارەسەری" ئەو تاونکاریانە بکات کە لەسەردەمی بەعسدا ڕوویانداوە, واتە ئەو بەعارەبکردنەی پێشی هاتنی ئەوان ڕویا نداوە جێگای خۆیان گرت و تێپەڕین.

خاڵی یەکی برگەی (ا), ئاماژە چۆنیەتی چارەسەری کێشەی خاوەنداریەتی دەکات و دەڵێ دەبێ تەبا بێت لەگەڵ کۆنیسیۆنی خاوەنداریەتی خانو و زەوی, پێوەری دیکەو گونجاو لەگەڵ یاسا. ئەوانە چین و واتایان چیە و ئەو پێوەرانە چین؟ دەکرێ کێشەی زۆر هەڵگرێت و لێکدانەوەی جودا هەبن. ئەگەر چارەسەری گونجاو نەدۆزرایەوزە ئەوا دەبێ زیان لێکەوتوان قەرەبوو بکرێنەوە. وەکو ڕۆژانە دەبیستین, ئەو کوردانەی گەڕاونەتەوە لەخراپترین باردا ژیان بەسەر دەبەن و زەویشیان بەتاپۆوە نەدراوەتێ. بەغدا جووڵەی نییە و بە دەنگ داواکاری کوردەکانی ئەنجومەنی کەرکوکەوە نەهاتووە.

خاڵی دوو, هێما بۆ گەڕاندنەوەی ئەوانە دەکات کە لە ناوچەی دیکەوە هێنراون و لەو ناوچانە نیشتەجێکراون. ئەوەش دەبێ تەبا بێت لەگەڵ ئەرتیکلی 10 و مافەکانی هاوڵاتیان کە لە بەشەکەدا هاتووە. ئەو خاڵە ناڵێ کێن ئەوانەی هاتوون و وەکو عارەب ناویان نابات, واتە ناڵێت ئەو عارەبانەی بەهۆی پرۆسەی بەعارەبکردنەوە هێنراونەتە ئێرە دەبێ بگەڕێنەوە شوێنی پێشوویان. لێرەدا هەوڵدراوە ناوی عارەبان لەکەدار نەکەن. ئەو خاڵە دەڵێت دەبێ ئەو چارەسەرە لەگەڵ ئەرتیکلی 10 دا تەبابێت, ئەوە دەکرێ کێشە بۆ چارەسەر دروست بکات, چونکە ئەوە هاتووە کە دەبێ ڕێزی مافەکانی ئێراقیان بگیرێت کە لە بەشەکەدا هاتووە. ئەرتیکلی 16ی ئەو بەشە ئاماژە بە مافی پارێزگاری خاوەنداریەتی و مافی هاوڵاتیان لە جێنیشبوون و خاوەنداریەتی لە هەموو شوێنێکی ئێراقدا دەکات. کەواتە دەکرێ هاوڵاتیەکی ئێراقی کە لەبنچینەدا عارەبی هاوردەیە و دەیان ساڵە لە ناوچەی کەرکوکدا دەژێت, ئاماژە بەو چاپتەرە بکات و نکۆڵی لە ڕۆیشتندا بکات. ئەوە زیاتر ڕێی تێدەچێت گەر عارەب خۆیان خرکردەوە و هێزیان پەیداکردەوە. ئاشکرایە عارەب زۆرن نایەنەوێ بگەڕێنەوە شوێنی پێشوویان و بەغداش بێدەنگی لێکردووە. بەڵام دیارە بۆ زۆریان ئەوەش پێویست ناکات, بەپێی وتارەکەی نێچیرەوان بارزانی کە لە واشنتۆن تایمزدا بڵاوکراوەتەوە[1], ئەوانەی کەوا سامان و زەوی کەسیان بەزۆر داگیرنەکردووە, بۆیان هەیە بمێننەوە, بەبێ گوێدانە وابەستەی نەتەوەیی یا ئایینی. واتە ئەو عارەبانەی کە هێنراون و لەسەر خانو و زەوی کوردانددا نیین و نیشتەجێ نین یا بەزۆر ماڵی کەسیان داگیر نەکردووە بۆیان هەیە بمێننەوە. شایانی بیرخستنەوەیە, نێچیرەوان بارزانی بوو دەیگوت دەبێ هەموو عارەبە هاوردەکان بنێردرێنەوە شوێنەکانی پێشوویان, ئەوەی ئێستا دەیڵێت شتێکی دیکەیە. دیارە ئەو دەڵێت سەرکردایەتی کورد لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون. واپێدەچێ ئەوە لەبەرامبەری بەشداری کوردە گەڕاوەکان لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا سەپێندراوە.

خاڵی سێ, داوادەکات کەوا ئەو کەسانەی لە کار دەرکراون یا کاریان لێسەندراوەتەوە و لەناوچەکە دەرکراون, دەبێ کاریان بۆ بدۆزرێتەوە و بخرێنەوە سەر کار. ئەو خاڵە ناڵێت ئەو کوردانەی کاریان لێسەندراوەتەوە و دەرکراون, ئەمەش دیسان خۆپاراستنە لەدیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کەسانی قوربانی. وەکو ئاشکرایە لەماوەی فەرمانڕەوایی حکومەتی کاتیدا ژمارەی کوردان ڕێژەیەکی زۆر نزمیان لە کارگە و فەرمانگە جیاجیاکانی کەرکوک بەتایبەتی پێکهێناوە و کۆسپ بۆ دامەزراندیان بە بەردەوامی هەبووە.

خاڵی چوار کە سەبارەت بە "ڕاستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیە", داوا دەکات کەوا هەموو ئەو کەسانەی ناسنامەی نەتەوایەتیان ڕاستکراوەتەوە (گۆڕاوە), مافی تەواویان هەیە لەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان دیاربکەن. لێرەدا ناگوترێ ئەو کوردانەی یا تورکمانانەی ناسنامەی نەتەوایەتیان بەزۆر کراوە بە عارەبی و بە عارەب کراون. دیسان وەکو خاڵ و بڕگەکانی دیکە خۆلادراوە لە ناوهێنانی نەتەوەی قوربانی.

ئەرتیکلی 58 بڕگەی (ب), کەسەبارەت بە گۆڕینی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان و شارۆچکەکانە. دەڵێ ڕژێمی پێشوو بۆ "ئامانجی ڕامیاری خۆی" ئەو سنورانەی گۆڕیووە. واتە ناڵێ بە مەبەستی بەعارەبکردنی ناوچەکە لەڕووی جوگرافی و بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکانەوە ئەو کارە ئەنجام دراوە, یا دابڕینی ناوچە کوردیەکان و لکاندنی بە پارێزگا عارەبیەکان, یا دابڕینی ناوچە کوردیەکان لەشاری کەرکوک و لکاندنی بە پارێزگای دیکە بەمەبەستی بەعارەبکردنی کەرکوک لە ڕووی جوگرافیەوە ئەم کارە ئەنجام دراوە. دەبینین بەهەمان شێوەی پێشوو سیستەماتیکیانە خۆلادراوە لە دیارکردنی تاوانی بەعارەبکردن و ناونەهێنانی نەتەوەی قوربانی و خۆلادان لە ناوهێنانی نەتەوەی چەوسێنەری عارەب. چارەسەری ئەو بڕگەیە ئەوەیە, کەوا ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاتی پێشنیار و ئامۆژگاری ئەنجومەنی نیشتیمانی ئێراقی بکات بۆ چارەسەری هەمیشەیی لە یاسای بنچینەیی هەمیشەییدا. گەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی نەیتوانی بە تێکڕای دەنگ تەبابن, ئەوا پێویستە دەزگایەکی بێلایەن بە لێکۆڵینەوە هەستێ و پێشنیار بکات. ئەگەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی نەیتوانی دیسان تێکڕای دەنگەکانی پەسندمەندی بەدەست بێنێت, ئەوا پێویستە پەنا بۆ سکرتێری یوئێن ببردرێت بۆ دیارکردنی کەسانێکی نێونەتەوەیی وەک دەزگایەکی یاسایی یەکلاکردنەوە.

سەیرە ئەو بڕگەیە دان بە گۆڕینی سنوری جوگرافیای ئەو ناوچانەدا بۆ مەبەستی ڕامیاری دادەنێت, بەڵام ئامادە نییە وەکو خۆیان لێبکاتەوە! کۆمەڵێک پرۆسە و گەمەی یاسایی هێناوەتە ناوەوە و هەوڵیداوە خۆ لەوە بپارێزێت بڵێت دەبێ سنوری ناوچەکان وەکو خۆیان و پێش هاتنی ڕژێمی بەعسیان لێبکرێتەوە. ئەو گەمە یاساییە و دەزگا و کۆمیتەکارییە تەنها یەک واتای ڕوونی هەیە, ئەویش خۆپاراستنە لە وەکوخۆلێکردنەوەی سنوری ناوچەکان. لەهەموو کەسێکی شارەزا یا خەڵکی ناوچەکە ئاشکرایە پێش هاتنی بەعس سنووری ناوچە و پارێزگاکان چۆن بووین, ئیتر ئەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و پەرلەمان و دەزگای یاسایی و سکرتێری یوئێن و ئەو هەموو شێر و ڕێویەی بۆ چییە! ئەوە دوورخستنەوە و ئاڵۆزکردنی چارەسەرە, کە لەمیانەیدا عارەبی دەسەڵاتدار بواری ئەوەی بۆ دەرەخسێت یاری خۆی بکات و بەلایەنی کەم هەندێ ناوچە سنوری وای بۆ دابنرێت کەوا لەبەرژەوەندیاندا بێت. ئەگەر کار بگاتە کۆفی ئەنان, ئەویش ڕەنگە ڕێکوڕاست عارەبێکی "شۆڕشگێڕی"[2] وەکو ئەخزەر ئیبراهیمی بدۆزێتەوە و ڕەوانی بکات و ببێتە کەسی بڕیاردەر. پاشان باشە ئەوە پێشنیاریش بەتێکڕای دەنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پەسندکرا, ئەدی پەسندمەندی پەرلەمان چۆن بەدەست دێت و چ ڕێژەیەکی زۆرینە پەسند دەکرێت؟ کێن ئەوانەی دەیانەوێ سنورەکان وەکو خۆیان لێبێتەوە؟ بێ گومان ئەندامە کوردەکان و ڕەنگە تاکوتەرای دیکەش هەبن. بەڵام ئایا ئەوە دەتوانێ وا لەپەرلەمان بکات چارەسەرە پێشنیار کراوەکە پەسند بکات؟ لەکاتێکدا کورد کەمینەن و قورساییەکی ئەوتۆیان ڕەنگە نەبێت! دیارە کورد پێیانوایە دەکرێ هاوکاری لەسەر پرسی کەرکوک لەناو عارەباندا بەدەست بێنن, هیوادارم ئەمە وابێت, بەڵام بەدیهێنانی ئەوە هەروا ئاسان نییە و ئەگەر شانسێک بۆ ئەمە هەبێت بەهۆی ناکۆکی شیعە و سوننەیە. جەختکردنەسەر ئەو هیوایە و هیواخواستن بۆ هاوکاری ئەو لایەنانە, بێ مەترسی نییە. دیارە ئەرتیکلی 53 بڕگەی (ب) دەڵێت نابێ دەستکاری سنوری پارێزگاکان لە کاتی قۆناغی گواستنەوەدا بکرێت. واتە چارەسەری ئەو سنورانە یاساییانە خراوەتە پاش هاتنی حکومەتی هەڵبژردراو و یاسای بنچینەیی هەمیشەیی. دیارە بڕگەی چواریش ئاماژە بەوە دەکات کە چارەسەری ڕەوا لە یاسای بنچینەییدا بچەسپێندرێت. لەبەرچی دەبێ چاککردنەوەی سنورە بەعارەبکراوەکان بە یاسای هەمیشەیی ببەسترێنەوە؟ ئەگەر ئەوە ئاڵۆزکردنی چارەسەرەکە و ڕاکردن لە چارەسەر نییە چیترە؟ ڕژێمی بەعس ئەو سنورانەی بۆ مەبەستی بەعارەبکردنی ناوچەکان کردووە, ئێستا بەعس ڕووخاوە و دانیش بەو گۆڕینی سنورەکان نراوە, چاککردنەوەی سنورەکان چ پێویستی بەو هێنان و بردنەیە, گەر نیازخراپی عارەبان نەبێت.

ئەرتیکلی 58 بڕگەی (ج), دەڵێت چارەسەری هەمیشەیی بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان, کەرکوکیش لەگەڵیاندا, دوادەخرێت تا ئەو خاڵانە جێبەجێ دەکرێن, تا ڕێکەوتنێکی ڕوون و ڕەوا پیادەکرا و یاسای بنچینەیی هەمیشەیی دانی پێ دەنرێت. وەکو دیارە ئەوەش بە دان پێنانی یاسای بنچینەیی هەمیشەییەوە بەستراوەتەوە. واتە ئەگەر ئەو خاڵانە تاڕادەیەکی گونجاویش جێبەجێکران, ئەوا ئەگەری تورهەڵدانی لەلایەن خەڵکی ئێراقەوە هەیە, چونکە ئەوانن دوا پەیڤ لەسەر پەسندکردنی یاسای هەمیشەیی دەبێژن. لەدوا ڕستەدا ئاماژە بەوە دەکرێت, کەوا ئەو ڕێکەوتنە پێویستە بەپێی پرەنسیپێکی ڕەوا بێت و ڕێزی ویستی خەڵکی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت. کامە پرەنسیپی ڕەوا؟ ئەو ئەرتیکلە سەرتاسەری پڕیەتی لە نکۆلیکردن و خۆ پەڕاندنەوە لە تاوانکاریەکانی بەعارەبکردن. ئایا دەکرێت چاوەڕوانی پرۆسەیەکی ڕەوا بین لەکاتێکدا ناوهێنانی بەعارەبکردن و ئەنفال تەنانەت چەمکی پاکتاوی ڕەگەزیش بڤەیە؟

پاشان مەبەست لە ڕێزگرتنی ویستی خەڵک چییە؟ نەدەبوو بەڕوونی و ڕاشکاوی بگوترێت ویستی خەڵک چییە؟ ویستی خەڵک دەکرێ زۆر لێکدانەوەی بۆ بکرێت, لەوانە, خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بۆیان هەبێت بگەڕێنەوە و بمێننەوە یا ڕێزی ویستیان بگیرێت گەر بڕیارێکی دیکەیان دا. دەکرێ واتای ئەوە بێت کەوا ئەو خەڵکەی دەیان ساڵە لەو ناوچەیە دەژین بۆیان هەبێت بمێننەوە, ئەوەش بەپێی ئەرتیکلی 10 و مافی نیشتەجێبوون و خاوەنداریەتی گونجاوە. دەکرێ مەبەست ئەوە بێت کەوا ئەوانەی ناسنامەی نەتەوایەتیان گۆڕدراوە خۆیان سەرپشکبن لەوەی کە دەیانەوێ سەر بە چ نەتەوەیەک بن.

بەکورتی ئەوە نەگوتراوە کەوا گشتپرسی لەسەر چارەنوسی ناوچەکان دەکرێت و خەڵکی ناوچەکە خۆیان بڕیاری ئەوە دەدەن کە دەیانەوێ لەگەڵ چ هەرێمێکی فیدرالی بن. دیارە دەکرێت مەبەست ئەوە بێت, هەروەکو زۆر لە بەرپرسانی کورد ئاماژەیان بۆی کردووە[3]. بەڵام ئەگەر ئەوە مەبەستە, بۆ بەڕوونی لەیاساکاتیەکەدا نەنووسرا؟ بۆ لەو ئەرتیکلەدا نەنوسرا کەوا دانیشتوانانی ئەو ناوچانە بۆیان هەیە لەگشتپرسیەکدا چارەنووسی نەتەوەیی یا جوگرافی ناوچەکانیان دیاربکەن؟ یا ناوچە کوردنشینەکان بۆیان هەیە لە ریفەراندەمێکدا هەرێمی فیدرالی کوردستان هەڵبژێرن و بەمجۆرە ناوچەکانیان بخرێنەوە سەر کوردستان؟ ئەدی هەرایەکە هەمووی لەسەر ئەوە نییە؟ ئەو ئاڵۆزکردن و شاردنەوەیە بۆچی؟

شایانی باسە سیستەمی فیدرالی کە لە ئەرتیکلی 52 دا پێناسەی دەکرێت, ئاماژە بە هەرێمی فیدرالی لەسەر بنچینەی دابەشکردنی دەسەڵاتدا دەکات نەک بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و دیاریکردنی ناوچە نەتەوەییە لەیەکتر جوداکان و پێکهاتانی هەرێمی فیدرالی بۆیان. ئەرتیکلی 53 ئاماژە بە مافی پێکهێنانی هەرێمی فیدرالی پێکهاتوو لە سێ پارێزگا دەکات نەک زیاتر. دیارە دەڵێت لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان. بەڵام هەرێمی کوردستان کامەیە؟ سنوری هەرێمەکە لەکوێییە؟ بەپێی ئەرتیکلی 53 بڕگەی (ا), دان بەو ناوچانە نراوە کە تا 19ی مارس لەژێر دەستی کورددا بووە. باس لەئەگەری فراوانبوونی هەرێمی کوردستان نەکراوە. ئەو ناوچە فیدرالیە کوردییە لە سێ پارێزگا پێکهاتووە, ئەوەش گونجاوە لەگەڵ بڕگەی (ج)ی ئەرتیکلی 53. باشە ئەگەر هەوڵدرا پارێزگای دیکە (کەرکوک) بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان, ئایا ئەوە پەسند دەکرێت؟ لەکاتێکدا ئەوە دژی بڕگەی (ج)ـە کەدەڵێت یەکەم: هەرێمی فیدرالی نابێت لە سێ پارێزگا زیاتر بێت. دووەم: کەرکوک شوێنی تایبەتی دراوەتێ و بۆی نییە لەگەڵ هیچ هەرێمێکی فیدرالی یەکبگرێت. دیارە دوا ووتەش بەدەستی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئێراقە و ئەو دەبێ پەسندی بکات. دیسان دەبێ کوردەکە بیرلەوە بکاتەوە کە ئایا چەند لەتوانای دایە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمانی ئێراقدا بۆ ئەوە پەیدا بکات. ئەوە ئەگەر توانرا یاسای هەمیشەیی پەسند بکرێت و پەرلەمانەکە بووە پەرلەمان.

بەکورتی ئەرتیکلی 58 ڕێگای گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان بۆ ناوچەی کەرکوک دەدات و دەڵێت پێویستە خانوو و زەوی خۆیان بدرێتەوە یا قەرەبوو بکرێنەوە, دەڵێت پێویستە بخرێنەوە سەر کار و ئەوانەی ناسنامەیان گۆڕدراوە بۆیان هەیە خۆیان ناسنامەی نەتەوایەتیان دیاربکەن. ئەرتیکلەکە ئاماژە بە گەڕاندنەوەی عارەبی هاوردە دەکات, بەڵام لەسەر چ بنچینەیەک و بە چ پێوەرێک. دیارە سەرکردایەتی کورد بە گوتنی نێچیرەوان بارزانی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کەوا عارەبە هاوردەکان زۆربەیان (ئەوانەی ماڵی کەسیان بەزۆر داگیرنەکردووە) بۆیان هەیە بمێننەوە. ئەرتیکلی 58 ئاماژە بە ویستی خەڵک دەکات, بەڵام بەهیچ جۆرێک ناڵێت دەبێ ڕیفەراندەم لەسەر چارەنووسی جوگرافی یا نەتەوایەتی ئەو ناوچانە بکرێت. واتە ئەرتیکلەکە هەوڵ دەدات, چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە و سنورەکانی بکات. بەمجۆرە چارەسەرەکە بە شێوەیەکە کە گەلێ لە عارەبە هاوردەکان دەهێڵتەوە و ڕێگاش بە کوردە دەرکراوەکان دەدات بگەڕێنەوە. بەڵام ئاماژە بە ئەگەری گەڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکان ناکات. ڕوونیش نییە مەبەست لە ڕێزگرتنی ویستی خەڵکی ناوچەکە چییە, وەکو گوترا ئەوە دەکرێ زۆر لێکدانەوەی بۆ بکرێت. یەکلاکردنەوەی هەموو کێشەکانی شوێنەواری بەعارەبکردن وابەستەی کۆمەڵێ پڕۆسەی دیکە کراوە, کەوا چارەسەر ئالۆز و سەخت دەکەن و کۆسپی زۆر دروست دەکەن.

باشە ئەگەر ئەرتیکلی 58 تاڕادەیەکی گونجاو جێبەجێکرا, بەڵام ڕێگا لە گەڕانەوەی کەرکوک بەتایبەتی بۆ سەر کوردستان گیرا, ئەوسا چی دەکرێت؟ ئەگەر ئەرتیکلی 53 دژی ئەو داواکاریەی کوردان بەکارهێنرا, کورد چی پێدەکرێت؟ پاشان سازدانی گشتپرسی لەسەر یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە, مسۆگەری گەڕانەوەی هەموو ناوچەکان بۆ سەر کوردستان ناکات. لەم بارەدا هەندێ شوێن لەوانە ڕەنگە شاری کەرکوک لە مەترسیدایە, ئەوە ئەگەر پەسندی ئەوە کرا کەرکوک وەکو پارێزگا دەکرێ بخرێتەوە سەر کوردستان. ئەوان پشتگیری گشتپرسی دەکەن. ئایا ئەوە دژی ئەو ووتانە نییە کە دەڵێن, "ئێمە لەسەر ناسنامەی کوردستانیەتی کەرکوک گفتوگۆ ناکەین". دیارە ئەوە هەڵوێستێکی باشە, بەڵام ئەوەی لەیاساکاتیەکەدا مۆرکراوە شتێکی ترمان پێدەڵێت و هێما بۆ لایەکی دیکە دەکەن. بەو واتایە گشتپرسی لەسەر ناوچەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە واتای یەکەم: گومان دروستکرنە لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی ئەو ناوچانە. دووەم: واتای ئەوەیە ئەوان دژی ئەوە نابن ئەگەر ناوچەیەکی بەکوردستانی ناسراو ئێراق هەڵبژێرێت.

لەماوەی تەمەنی بوونی ئەنجومەنی حوکم و حکومەتی کاتیدا, چارەسەری کێشەی بەعارەبکردن بەشێوەیەکی سەرەکی یەکلایەنە لەلایەن کوردەوە هەوڵی زۆری بۆ دراوە و عارەب پاسیڤن و بەهیچ جۆرێک دەستپێشخەر نیین. بەدەیان کۆسپ خراوەتە بەردەم چارەسەرەکان, ئاوارە کوردە گەڕاوەکان خراپترین باری ژیان بەسەر دەبەن و دەبێ حکومەتەکانی کوردستان مشووریان بخۆن و خەرجیان بکێشن, کە بەپێی ڕێکەوتنی مۆرکراوی یاساکاتیەکە دەبوایە بەغدا بەو کارانە هەستێت و مسۆگەری ژیانێکی گونجاو و خانووبەرە بۆ ئەو ئاوارانە بکات. کۆسپی زۆر دەخرێنە بەردەم دامەزراندنی کارمەند و کرێکاری کورد لەهەموو بوارەکاندا. ئەوەی بەکردەوە دەبنرێت ناتەبایە لەگەڵ ئەوەی مۆرکراوە, ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستدارە بەوەی کەوا عارەب خۆ لەچارەسەر لادەدەن, دەستپێشخەر نیین و هەنگاوی بەکردەوە نانێن.

لەملاو لەولا هێما بۆ ڕێکەوتن لەسەر کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە لەپشتی پەردەوە دەکرێت, دیارە هەواڵی دژبەیەک لەمبارەیەوە هەن. هەرچۆنی بێت سەرگرتنی هەرجۆرە ڕێککەوتنێک کە لە یاسای کاتی ئاماژەی بۆ نەکراوە, واتای ئەوەیە, ئەوەی لەیاسای کاتی هاتووە یا لە ڕێککەوتنە مۆرکراوەکاندا هاتووە لە ڕاستیدا نرخێکی ئەوتۆیان نییە و ناتوانرێ جێگای بڕوا بن. چونکە دەکرێ ڕێکەوتن بەشێوەیەکی دیکە و لەپشتی پەردەوە بکرێت. کەواتە چۆن دەکرێ بتوانرێ بڕوا بە ڕێکەوتنی مۆرکراو یا یاسای مۆرکراو بکرێت و گەرەنتی چییە کەوا نەتەوەی عارەبی زۆرینە وابەستەی ڕێکەوتنی یاسایی دەبن؟ ئەو ڕێکەوتنەی بووەهۆی مانەوەی عارەبە هاوردەکان لەکەرکوک ناتەبایە

**بەئەرتیکلی 58 و لەوێشدا شتی وا نەنوسراوە, ئەوەش نادڵنیایی و نیگەرانییەکان پشتڕاست دەکاتەوە و ئاماژە بە دیاردەیەکی مەترسیدار دەکەن.**

**ئاشکرایە هەواڵی باش و خۆش سەبارت بە هەڵبژاردنەکەی شاری کەرکوک دەکەونە بەرگوێ و بەپێی سەرچاوە کوردیەکان کورد زۆرینەی دەنگەکانیان هێناوە. ئەگەر ئەوە وابێت, ئەوە یارمەتیدەرە بۆ هەوڵی گەڕاندنەوەی شاری کەرکوک بۆ بۆ باوەشی کوردستان, بەڵام مسۆگەری ناکات. وەکو گوترا گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە بۆ سەر کوردستان بە کۆمەڵێ پرۆسەی یاسایی ئاڵۆز بەستراوەنەتەوە و کۆسپی یاساییان بۆ دروستکراوە. لەلایەکی تر دڕدۆنگی و ناڕاستگۆیی عارەب بەڕاشکاوی هەیە. بۆیە ڕێگایەکی سەخت چاوەڕێی چارەسەری ڕەوای ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان دەکات.**

**2005.2.3**

---

[1] Kurdistan and Iraq, 28 January 2005, Washington Times - By Nechirvan Barzani. Kurdishmedia.com.

[2] جەلال تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەبەشداری سەدان کەسدا ستایشی ئیبراهیمی دەکرد و بە شۆڕگێڕی دانا

[3] لەسەردانی بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ مەسعود بارزانی, ئەیاد عەلاوی ئاماژەی بە گشتپرسی بۆ ناوچەی کەرکوک کرد و گوتی: کەوا ئێمە لەگەڵ بڕیاری خەڵکداین ئەگەر ڕۆژێک ئەوان بخوازن کەرکوک بگەڕێتەوەسەر هەرێمی کوردستان. ئەوە بەپێی سایتی پەیامنێر .10.2.2005

* ئەو وتارە لە 3.2.2005 نووسراوە, بەڵام دواتر ئەو تێبینیەی سەبارەت بە سەردانی ئەیاد عەلاوی بۆ زیادکراوە.